# فەزڵ و گەورەیی
# زانستی شەرعی
# و ڕەوشتی هەڵگرانی

**کۆکردنەوە وئامادەکردنی:**

دایکی عبدالرحمن

**پێداچونەوەی**

مامۆستا ئاکۆ محمد

وتار بێژی مزگەوتی ئەندازیاران – کەلار

========================================================

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**

**walamakan.com**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

## پـێـشـەكـی

إنَّ الحمدَ لله نحمدُهُ ونستعينُهُ ونستغفرُهُ، ونعوذُ بالله مِنْ شرورِ أنفسِنا، ومِنْ سيئاتِ أعمالِنا، مَنْ يهدِهِ اللهُ فلا مُضلَّ لهُ، ومَنْ يضلل فلا هاديَ لهُ، وأشهد أنْ لا إلهَ إلَّا اللهُ، وحدَهُ لا شريكَ لهُ، وأشهدُ أنَّ محمداً عبدُهُ ورسولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [آل عمران: ١٠٢]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ [النساء: ١٠١]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ [الأحزاب: ٧١-٧١]

أمَّا بعدُ: فإنَّ خيرَ الحديثِ كلامُ الله، وخيرَ الهدْيِ هدْيُ محمَّدٍ ﷺ، وشرَّ الأمورِ محدثاتُها، وكلَّ محدثةٍ بدعةٌ، وكلَّ بدعةٍ ضلالةٌ، وكلَّ ضلالةٍ في النارِ.

باوەڕداری بەڕێز: بزانە كە تۆی موسڵمان دەبێت دڵسۆز بیت بەرامبەر بە پەروەردگار وئاینەكەت، ودەبێت هەوڵی فێر بوونی زانستی شەرعی بدەیت، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی برەودان بە ئاینەكەت، وە چەند كات وساتێك لە تەمەنت تایبەت بكەیت بۆ فێربوونی زانستی شەرعی ولەبەركردنی قورئانی پیرۆز وفەرموودە صەحیحەكان، چونكە ئەوە دەبێتە مایەی خۆشبەختی دونیا ودوارۆژت إن شاء الله، كە لە دوا رۆژ نە ماڵ ونە سامان ونە منداڵ ناتپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ.

بەڵام بە مەرجێك ئەو كارەت تەنها بۆ خوای گەورە بێت، نەك بۆ دونیا، یان بۆ ناوداری، یان بۆ موجادەلە وموناقەسەی كەسانی شارەزا، یان بۆ دەست خۆشی وئافەرین، یان بۆ پاداشت وپلە وپایەیەكی دونیایی، یان بۆ ئەوەی خەڵكانی تر بكەیت بە كۆیلەی خۆت.

## زانستی شەرعی چیە؟

زانستی شەرعی بریتیە لە تێگەشتنی قورئان وسوننەت بە تێگەشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ وهاوەڵانی خوایان لێ ڕازی بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ [الأعراف:٣].

واتە: خەڵکینە شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان نێردراوەتە خوارەوە ، و شوێنی ، ئاین ورێگای تر مەکەون ، ئێوە کەم بیر ئەکەنەوە .

(عِرْباض)ی کوڕی (سارية) دەفەرموێت: وَعَظَنا رسولُ الله ﷺ موعظةً بليغةً وَجِلَتْ منها القلوبُ وذَرَفَتْ منها العيونُ، فقلنا: يا رسولَ الله كأنَّها موعظةُ مُوَدِّعٍ فأوصِنا، قال: «أُوصِيكم بتقوى الله عزَّ وجَلَّ ، والسمعِ والطاعةِ وإنْ تأمَّرَ عليكم عبدٌ حَبَشيٌّ ، فإنَّه مَن يَعِشْ منكم بعدي فسيرى اختلافاً كثيراً، فعليكم بسنتي وسنةِ الخلفاءِ الراشدينَ المهديينَ، تمسَّكُوا بها وعضُّوا عليها بالنواجذِ، وإيَّاكم ومُحدثاتِ الأمور، فإنَّ كلَّ مُحْدثةٍ بدعةٌ، وكلَّ بدعةٍ ضلالةٌ»[1].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریەکی کاریگەری ئێمەی کرد بە هۆیەوە دڵەکانمان ترسا، وچاوەکانمان فرمێسکی پێدا هاتە خوارەوە، پێمان وت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە وەکو ئامۆژگاری کەسێکە کەماڵئاوایی بکات وبڕوات، بۆیە وەسێتمان پێ بکە، فەرمووی: وەسێتتان پێ دەکەم بە لە خوا ترسان، وخۆ پارێزی لە تاوان، وگوێ گرتن وگوێڕایەڵی کردنی فەرمانڕەوایان، ئەگەر کۆیلەیەکی حەبەشیش ببێت بە فەرمانڕەواتان، چونکە هەرکەسێك لە ئێوە لە پاش من بژێت، ئەوا جیاوازی وناکۆکیەکی زۆر دەبینێت، بۆیە لە سەر ڕێبازی من وڕێبازی جێنشینەکانم بن، کە ڕێگای ڕاستیان گرتوە وڕێنمویکراون، وبە دەست وددان بیگرن ، ووریا بن لە شتە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەکیش گومراییە.

(١) رواه أبو داود (٤٦٠٧)، وابن ماجه (٤٢)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٧)، وفي الإرواء (٢٤٥٥).

## حوکمی فێربوونی زانستی شەرعی

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «طلبُ العلم فريضةٌ على كلِّ مسلمٍ»[٢].

واتە: فێر بوونی زانستی شەرعی فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك.

پرسیار کرا لە (عبد الله)ی کوڕی (المبارك) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە بارەی واتای ئەم فەرموودەیەوە ئەویش فەرمووی: «فريضَةٌ على مَنْ وقعَ في شيءٍ مِن أمرِ دينِه أنْ يسألَ عنهُ حتَّى يَعلَمَهُ»[٣].

واتە: هەر کەسێك ویستی شتێك لە ئاینەکەی ئەنجام بدات، ئەوا لەسەری فەرز دەبێت لە بارەیەوە پرسیار بکات، تاوەکو لێی تێدەگات وفێری دەبێت.

وە (الشيخ محمد بن صالح العثيمين) ڕحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: «طلبُ العلمِ الشرعيِّ فرضُ كفايةٍ إذا قامَ بِهِ مَن يَكفي، صارَ في حقِّ الآخَرِينَ سُنةً، وقد يكونُ طلبُ العلمِ واجباً على الإنسانِ عَيْناً، وضابطُهُ أنْ يَتَـوَقَّفَ عليه معرفَةُ عبادةٍ يُريدُ فعلَها، أو معاملَةٍ يُريدُ القيامَ بها، فإنَّهُ يَـجِبُ عليهِ في هذه الحالِ أنْ يعرِفَ كيفَ يَتَعَبَّدُ لله بهذه العبادةِ، وكيفَ يقومُ بهذه المعاملةِ، وما عدا ذلكَ مِن العلمِ ففَرْضُ كفايةٍ»[٤].

واتە: فێربوونی زانستی شەرعی فەرزی کیفایەتە ـ واتە: دەبێت کۆمەڵێك پێی هەستن کە بتوانن بە پێی پێویست ئەنجامی بدەن ـ، وهەندێك جار فێربوونی زانست دەبێت بە فەرزی عەین ـ واتە: لەسەر خودی مرۆڤەکە واجب دەبێت ـ ئەمەش لەکاتێکدا کەسەکە بیەوێت پەرستنێك یان مامەڵەیەك ئەنجام بدات، ئەو کات لەسەری واجب دەبێت فێر بێت چۆن ئەو پەرستنە بۆ خوا ئەنجام بدات، وچۆن ئەو مامەڵەیە ئەنجام بدات، وە جگە لەمە زانستەکانی تر فێربوونیان فەرزی کیفایەتە.

---

(٢) رواه ابن ماجه (٢٢٤)، وغيره، وحسنه الشيخ الألباني في المشكاة (٢١٨).

(٣) رواه ابن عبد البر في جامع بيان العلم بسند صحيح (٣٣).

(٤) كتاب العلم: (ص: ٢٦).

## فەزڵ وگەورەیی زانستی شەرعی وگەڕان بە دوایدا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ﴾ [التوبة:١٢٢]

واتە: ڕەوا نیە هەموو باوەڕداران بە جارێك بچن بۆ جیهاد – ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ نەچوو بێت بۆ ئەو جیهادە– با لە هەر هۆز ودەستەیەك كۆمەڵێك بچن بۆ جیهاد، وئەوانی تر لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بمێننەوە بۆ ئەوی ئاین فێربێن، وخزم وكەسی خۆیان فێر بكەن، ووریایان بكەنەوە كە گەڕانەوە بۆ لایان بۆ ئەوەی هەموو خۆیان بپارێزن لە تاوان وسەرپێچی كردنی فەرمانی خوا وپێغەمبەرەكەی ﷺ.

فێربونی زانستی شەرعی نیعمەتێكە پارێزگاری لیّ بكە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ﴾ [النحل: ١٨]. واتە: ئەگەر بتانەوێت نیعمەتەكانی خوا بژمێرن ئەوەندە زۆرن ناتوانن بە تەواوی بیانژمێرن.

نیعمەتی ئیسلام ونیعمەتی زانستی شەرعی دوو نیعمەتن لە نیعمەتە گەورەكانی خوای گەورە، وهەردووكیان پەیوەستن بەیەكەوە، وزانستی شەرعی لەگەڵ نیەتی پاكدا دەبێتە پێشەوا بۆ پەیڕەوكردنی ڕێگای ڕاستی ئیسلام، وگەڕان بە دوای زانستی شەرعی وهەوڵدان لە پێناو بەدەست هێنانی هۆكارن بۆ بەختەوەری مرۆڤ جا پیاو بێت یان ئافرەت ولە ژیانی دونیا ودوارۆژدا.

ئەو كەسانەی كە شەرع ناس وشارەزان زیاتر لە خوای گەورە دەترسن وپلەو پایەیان لە كەسانی تری باوەڕداران بەرزترە لای خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ﴾[الزمر: ٩].

واتە: بلّێ ئایە ئەو كەسانەی كە شارەزان وشەرع زانن وەكو ئەو كەسانەن كە ناشارەزان؟

هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖ﴾ [المجادلة:١١]

واتە: خوای گەورە پلەی باوەڕدارانتان وئەوانەی زانستی شەرعیان پێدراوە بەرز دەكاتەوە.

دەبینین لێرە خوای گەورە باوەڕدارن بە گشتی باسدەكات وزانایان بە تایبەتی.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْراً يُفَقِّهْهُ في الدِّينِ»[٥].

واتە: ئەگەر خوا خەیر وچاكەی بۆ كەسێك بوێت، ئەوا شارەزای دەكات لە ئاینی ئیسلام.

(أبو الدَّرداء) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: بیستم پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «مَن سَلَكَ طريقاً يَلْتَمِسُ فيه عِلماً سهَّلَ اللهُ له به طريقاً إلى الجنة، وإنَّ الملائكةَ لتَضَعُ أَجْنِحتَها رِضاً لطالبِ العلمِ، وإنَّ طالبَ العلم يستغفرُ له مَن في السماءِ والأرض حتى الحِيتانُ في الماءِ، وإنَّ فَضْلَ العالِمِ على العابدِ كفَضْلِ القمرِ ليلةَ البَدْرِ على سائرِ الكواكبِ ، وإنَّ العلماءَ وَرَثَةُ الأنبياءِ، وإنَّ الأنبياءَ لم يُوَرِّثُوا ديناراً ولا دِرهماً، وإنَّما وَرَّثُوا العلمَ فمَن أخذهُ أخذَ بحظٍّ وافرٍ»[٦]. واتە: هەر كەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانی زانستی شەرعی، ئەوا خوای گەورە بەو كارەی ڕێگایەكی بەهەشتی بۆ ئاسان دەكات، وە فریشتەكان باڵیان ڕادەخەن بۆ ئەو كەسەی دەگەڕێت بە دوای زانستی شەرعیدا لەبەر ڕازیبوونیان بە كارەكەی، وە هەموو ئەوانەی كە لە ئاسمانەكان وزەویدان داوای لێخۆشبوون دەكەن بۆ ئەو كەسەی كە بە دوای زانستی شەرعیدا دەگەڕێت، تەنانەت ماسیش لەئاودا، وە پلەی زانا بەسەر كەسی پەرستكارەوە وەكو پلەی مانگ وایە بەسەر هەسارەكانەوە، وە زانایان میراتگرانی پێغەمبەرانن، وپێغەمبەران تەنها شەرعیان بە میرات بە جێ هێشتوە ، جا هەر كەسێك بیبات، ئەوا بەشێكی زۆری بردوە.

وە (أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «ما مِن قوم يجتمعونَ في بيتٍ مِن بُيُوتِ الله ، يتعلَّمونَ القرآنَ، ويَتَدارَسُونه بينهم إلَّا حَفَّتْهُم الملائكةُ، وغَشِيَتْهُم الرحمةُ، وتَنَزَّلتْ عليهم السكينةُ، وذَكَرَهَم اللهُ في مَن عندَه»[٧].

---

(٥) رواه البخاري (٧١)، ومسلم (١٠٣٧).

(٦) رواه أبو داود (٣٦٤١) والترمذي (٢٦٨٢)، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (٧٠).

(٧) رواه مسلم (٢٦٩٩)، وهو جزء من حديث طويل.

واتە: هیچ کۆمەڵە خەڵکێك نیە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوادا کۆبنەوە، وخەریکی فێربوونی قورئان بن ویەکتری فێر بکەن ئیلا فریشتە چواردەوریان دەدات، وبەزەیی خوا دایان دەپۆشێت، وئارامی ومتمانە دادەبەزێت بە سەر دڵەکانیاندا، و خوای گەورە لای فریشتەکانی خۆی باسیان دەکات.

وە (صَفْوان)ی کوڕی (عَسَّال) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: ڕۆشتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لەمزگەوتەکەیدا وپێم وت: یا رسولَ الله إنِّي جِئْتُ أَطْلُبُ العلمَ، فقال: «مرحباً بطالبِ العلم، إنَّ طالبَ العلمِ لَـتَحُفُّه الملائكةُ وتُظِلُّه بأجنحتِها، ثمَّ يركبُ بعضُه بَعْضاً حتَّى يبلُغُوا السماءَ الدنيا مِن حبِّهم لِـمَـا يَطلُبُ»[8].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا من هاتووم بۆ ئەوەی فێری زانست ببم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خۆشحاڵین بە هاتنی فێر خوازی زانست، وە فێرخوازی زانستی شەرعی فریشتەکان دەوری دەدەن وسێبەری بۆ دەکەن بە باڵەکانیان یەك بە سەر یەکەوە تا دەگەنە ئاسمانی دونیا لەبەر خۆشەویستیان بۆ ئەو زانستەی هەوڵی بۆ دەدات.

جگە لەمانەش دەقێکی زۆر هەن باسی پاداشت وگەورەیی هەوڵدان بۆ فێربوونی زانستی شەرعی دەکەن لەم کورتەدا کۆ ناکرێنەوە.

❁ ❁ ❁

(8) رواه أحمد (٤/ ٢٣٩)، والطبراني في الكبير (٧٣٤٧)، وغيـرهما، واللفظ للطبـراني، =

= وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٧١).

## پاداشتی فێرکردنی زانستی شەرعی

ئەو کەسەی کە موسڵمانان فێر دەکات، وشارەزایان دەکات لە قورئانی پیرۆز وفەرموودە صحیحەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێی تێگەشتن وکردەوەی سەلەف ـ پێغەمبەری خوا ﷺ وهاوەڵانی ـ، وبە شێوەیەکی ڕاست ودروست وڕوون شارەزایان دەکات لە بیروباوەڕ وشەریك بڕیاردان وچاکە وخراپە وحەڵاڵ وحەرام وسوننەت بیدعە... هتد، بێ گومان ئەجر وپاداشتێکی زۆر گەورەی دەست دەکەوێ وەکو لە چەندین فەرموودەدا باس کراوە، ئەمەش فەزڵ وگەورەیی زانستی شەرعیمان بۆ دەردەخات ودەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ بە دەستهێنانی، ئیمامی (عثمان) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «خيرُكم مَنْ تعلَّمَ القرآنَ وعلَّمَه»[10].

واتە: چاکترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێر دەبێت وکەسانی تری فێر دەکات.

وە (أبو أُمامة)ی (الباهلي) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: ذُكِرَ لرسولِ الله ﷺ رَجُلانِ أحدُهما عابدٌ والآخَرُ عالمٌ، فقال رَسُول الله ﷺ : «فضلُ العالمِ على العابدِ كفضلي على أدناكم»، ثم قالَ رسولُ الله ﷺ: «إنَّ اللهَ وملائكتَه وأهـلَ السمـاواتِ والأرضِ، حتَّـى النَّملةَ في جحرِها وحتى الحوتَ لَيُصَلُّونَ على معلِّم النَّاسِ الخيرَ»[11].

واتە: باسی دوو پیاو کرا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، یەکێکیان پەرستکار بوو، وە ئەوی تریان زانا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: فەزڵ وچاکەی زانا بەسەر پرستکارەوە وەکو فەزڵ وچاکەی من وایە بەسەر نزمترینتانەوە، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو کەسەی کە خەڵکی فێری خێر وچاکە دەکات خوای گەورە لای فریشتەکانی بە چاکە باسی دەکات، وپلەی بەرزدەکاتەوە وفریشتەکان

---

[10] رواه البخاري (٥٠٢٧).

[11] رواه الترمذي (٢٦٨٥)، وغيره، وحسنه الشيخ الألباني في المشكاة (٢١٣).

وخەڵکی ئاسمانەکان وزەوی وتەنانەت مێرووڵەش لە کونەکەیدا وماسیش لە ئاودا دوعای خێری بۆ دەکەن.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ علَّمَ علماً فله أجرُ مَنْ عملَ به، لا ينقصُ مِن أجرِ العاملِ»[١٢].

واتە: هەر کەسێك زانستێکی شەرعی فێری خەڵك بکات ئەوا وەکو پاداشتی ئەو کەسانەی بۆ دەنوسرێت کە کردەوەی پێ دەکەن، بەبێ کەم بوونەوەی پاداشتی کار پێ کەرانی.

وە (أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مَنْ دعا إلى هدىً كانَ له مِنَ الأجرِ مثلُ أُجورِ مَنْ تَبِعَهُ، لا ينقصُ ذلك مِن أجورِهم شيئاً»[١٣].

واتە: هەر کەسێك بانگەواز و ڕێنمایی بکات بۆ ڕێگای ڕاست، ئەوا پاداشتی دەست دەکەوێت وەکو پاداشتی ئەوانەی کە شوێنی دەکەون، بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەم ببێتەوە.

هەروەها دەفەرموێت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «إذا ماتَ الإنسانُ انقطعَ عملُه إلَّا مِن ثلاثٍ: صدقةٍ جاريةٍ، أو علمٍ يُنتفَعُ بهأو ولدٍ صالحٍ يدعُو له»[١٤].

واتە: ئەگەر مرۆڤ بمرێت ئەوا کردەوەکانی دەبڕێتەوە، تەنها لە سێ شتدا نەبێت، بەخشینێك کە سوودەکەی بەردەوام بێت، یان زانستێك کە سوودی لێ ببینرێت، یان منداڵێکی چاکی هەبێت دوعای خێری بۆ بکات.

و(أنس)ی کوڕی (مالك) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «إنَّ مِمَّا يَلْحَقُ المؤمنَ مِن عملِه وحسناتِه بعدَ موتِه علماً علَّمَه ونَشَرَه ...»[١٥].

---

[١٢] رواه ابن ماجه برقم (٢٤٠)، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٨٠).

[١٣] رواه مسلم (٢٦٧٤).

[١٤] رواه مسلم (١٦٣١).

[١٥] رواه ابن ماجه (٢٤٢)، وحسنه الشيخ الألباني في الجنائز: (ص: ١٧٦).

واتە: لەو کردەوە وچاکانەی کە دەگات بە ئیماندار لە دوای مردنی زانستێکە کەخەڵکی فێر کردبێت وبلاوی کردبێتەوە.

و(سَهْل)ی کوڕی (سعد) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بە (علي) خوای لێ ڕازی بێت فەرموو: «لأَنْ يهديَ اللهُ بكَ رجلاً خيرٌ لك مِن أنْ يكونَ لك حُمْرُ النعمِ»[١٦].

واتە: خوای گەورە هیدایەتی کەسێکت پێ بدات زۆر لەوە باشترە کە هەموو وشترە سورەکان موڵکی تۆ بێت.

❁ ❁ ❁

[١٦] رواه البخاري (٣٠٠٩)، ومسلم (٢٤٠٦).

## فەزڵ وگەورەیی قورئان خوێندن

بێگومان فێرخوازی زانستی شەرعی دەبێت خوێندنی قورئانی دروست بێت و هەموو یان بەشێك لە قورئانی لەبەر بێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فێرخوازی زانستی شەرعی دەبێت بە زۆری قورئان بخوێنێت وئەو هەموو ئەجر وپاداشتە گەورانەی دەست دەکەوێت کە لە فەرموودەکاندا بۆ قورئان خوێن باسکراوە، نموونەی فەرموودەکەی (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) خوای لێ ڕازی بێت کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مَنْ قرأَ حرفًا مِن كتابِ الله فله به حسنةٌ، والحسنةُ بعشرِ أمثالِها ، لا أقولُ: ألـم حرفٌ، ولكِنْ ألفٌ حرفٌ، ولامٌ حرفٌ، وميمٌ حرفٌ»[١٧].

واتە: هەر کەسێك پیتێك لە کتێبەکەی خوا بخوێنێت چاکەیەکی بۆ دەنوسرێت، وچاکەکەش بە دە وێنەی خۆیەتی، ناڵێم: ئەلیف لام میم یەك پیتە، بەڵکو ئەلیف پیتێکە ولام پیتێکە ومیم پیتێك.

وە دایکە (عائشة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «الماهرُ بالقرآنِ معَ السَّفَرَةِ الكرامِ البَرَرَةِ، والَّذي يقرأُ القرآنَ ويَتَتَعْتَعُ فيهِ – وهو عليهِ شاقٌّ – لَهُ أجرانِ»[١٨].

واتە: ئەو کەسەی شارەزایە لە قورئان لەگەڵ فریشتەکاندایە، وئەو کەسەی قورئان دەخوێنێت وگتی لێ دەکات وقورسایی وزەحمەتی تووش دەبێت لە خوێندنەوەکەی ئەوا پاداشتی بۆ دوو بارە دەکرێتەوە.

وە (عبدالله)ی کوڕی (عمرو) کوڕی (عاص) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : «يُقالُ لصاحبِ القرآنِ، اقرأْ وارْتقِ ورتِّلْ، كما كنتَ تُرَتِّلُ في الدُّنيا، فإنَّ منزلتَكَ عندَ آخرِ آيةٍ تقرأُ بها»[١٩].

واتە: لە ڕۆژی دواییدا بە قورئان خوێن دەوترێت بخوێنە وبەرز بەرەوە وبە لەسەر خۆیی ورِوونی بخوێنە، وەکو چۆن لە دونیا دەتخوێند، پلە وپایەت لای کۆتا ئایەتە کە دەیخوێنیت.

---

[١٧] رواه الترمذي (٢٩١٠)، وغيره، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٣٣٢٧).

[١٨] رواه مسلم (٧٩٧).

[١٩] رواه الترمذي (٢٩١٤)، وغيره، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٢٢٤٠).

وه (أبو هريرة) خوای لیّ ڕازی بێت دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی «يَجيءُ القرآنُ يومَ القيامةِ فيقولُ يا ربِّ حَلِّهِ، فَيُلْبَسُ تاجَ الكرامَةِ، ثم يقولُ: يا ربِّ زِدْهُ، فَيُلْبَسُ حُلَّةَ الكرامَةِ، ثم يقولُ: يا ربِّ ارْضَ عَنهُ، فيرضَى عَنهُ، فيُقالُ لهُ : اقْرأْ وارْقَ، ويُزادُ بكلِّ آيَةٍ حسنةً»[٢٠].

واتە: لە ڕۆژی دواییدا قورئان دێت ودەڵێت: ئەی پەروەردگار جوانی کەرەوە ــ واتە: قورئان خوێن ــ، خوای گەورەش فەرمان دەکات تاجی ڕێز لێنانی دەکەنە سەر، پاشان دەڵێت: ئەی پەروەردگار بۆی زیاد کە ، خوای گەورەش فەرمان دەکات پۆشاکی ڕێز لێنانی لەبەر دەکەن ، پاشان دەڵێت: ئەی پەروەردگار لێی ڕازی بە، خوای گەورەش لێی ڕازی دەبێت، وپێی دەڵێن: بخوێنە وبەرز بەرەوە، وبە خوێندنەوەی هەر ئایەتێك چاکەیەکی بۆ زیاد دەکرێت.

وه (أبو أُمامة)ی (الباهِلي) خوای لیّ ڕازی بێت دەفەرموێت: بیستم پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «اقرؤُوا القرآنَ، فإنَّهُ يأتي يومَ القيامةِ شفيعاً لأصحابِهِ»[٢١].

واتە: قورئان بخوێنن، چونکە لە ڕۆژی دواییدا دەبێتە تکاکار بۆ خوێنەرەکانی.

وه (أبو موسى) دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : «مَثَلُ المؤمنِ الذي يقرأُ القرآنَ كالأُتْرُجَّةِ، طَعمُها طيِّبٌ، وريحُها طيبٌ، ومثلُ المؤمنِ الذي لا يقرأُ القرآنَ كالتَّمرَةِ، طعمُها طيبٌ، ولا ريحَ لها، ومثلُ المنافقِ الذي يَقرأُ القرآنَ كمثلِ الريحانةِ، رِيحُها طيِّبٌ، وطعمها مُرٌّ، وَمثلُ المنافقِ الذي لا يقرأُ القرآنَ ، كمثلِ الحَنْظَلَةِ طعمُها مُرٌّ، ولا ريحَ لَها»[٢٢].

---

[٢٠] رواه الترمذي (٢٩١٥) وغيره، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٤٢٥).

[٢١] رواه مسلم (٨٠٤).

[٢٢] رواه البخاري برقم:(٥٠٢٠)، ومسلم ( ٧٩٧ ) .

واتە: ئەو باوەڕدارەی کە قورئان دەخوێنێت وەکو ئوتروجەیە[٢٣] تام وبۆنەکەشی خۆشە، وئەو باوەڕدارەی کە قورئان ناخوێنێت وەکو خورمایە تامی خۆشە وبۆنی نیە، وئەو موونافیقەی قورئان دەخوێنێت وەکو ڕەیحانەیە بۆنی خۆشە، وتامی تاڵە، وئەو موونافیقەی قورئان ناخوێنێت وەکو کاڵەکە مارانەیە تامی تاڵە، و بۆنی نیە.

وە (أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «الدنيا ملعونةٌ ملعونٌ ما فيها إِلَّا ذِكْرَ الله، وما والاه، وعالـمـاً ومتعلِّـمـاً»[٢٤].

واتە: دونیا نەفرەت لێ کراوە، وئەوەشی تێیدایە نەفرەت لێ کراوە، جگە لە زیکری خوا وئەو کار وکردارانە کە لای خوا خۆشەویستن، وجگە لە کەسێك کە خەڵکی فێری زانست بکات یان کەسێك کە هەوڵی فێربوونی بدات.

---

[٢٣] جۆرە میوەیەکە لە بابەتەکانی لیمۆ، یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی میوە، چونکە قەبارەی گەورەیە وشێوازی جوانە وتامی خۆشە. (حاشية سنن الترمذي).

[٢٤] رواه الترمذي (٢٣٢٢)، وابن ماجه (٤١١٢)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٢٧٩٧).

## دڵـسـۆزی ونیـەت پـاکـی

وەکو بینیت فێربوون وفێرکردنی زانستی شەرعی پاداشتێکی زۆر گەورەی لەسەرە، جا لێرەش ئەوە بزانە ئەگەر مەبەست بەو کارەت تەنها خوا لەخۆ ڕازی کردن نەبێت ئەوا کارەکەت وەرناگیرێت، وپاداشتت دەست ناکەوێت، بەڵکو فێربوون وفێرکردنەکەت هەڵدەگەڕێنەوە بە تاوان، وهەموو دەبنە بار بەسەرتەوە لە ڕۆژی دواییدا، ئەمەش چەند ئایەت وفەرموودەیەك لەم بارەیەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ﴾ [البينة:٥].

واتە: فەرمانیان پێنەکرابوو (گاور و جولەکە) جگە بەوەی کە بە تەنها خوا بپەرستن، وبە پاکی ودڵسۆزی ملکەچی ئاینەکەیان بن، وخۆ پارێز وخۆ لادەر بن لە شەریك وبڕیاردان وتاوان.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت :﴿فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ۝٢ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُ﴾ [الزمر:٢- ٣].

واتە: خوا بە تەنها بپەرستە، وتەنها بۆ خوا ئایندارى بکە، خۆت بە دوور بگرە لە شريك بڕیاردان وریا وویستنی شتی تر جگە لە ڕازیکردنی خوای گەورە بە ئاینەکەت، وئاگاداربن ئاینداری پاك تەنها مافی خوایە.

وە پـێشـەوا (عـمـر)ی کـوڕی (الخـطـاب) خـوای لـێ ڕازی بێـت دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: «إنَّما الأعمالُ بالنيَّاتِ، وإنَّما لكلِّ امرئٍ مانوى، فمَنْ كانتْ هجرتُه إلى الله ورسولِه فهجرتُه إلى الله ورسولِه، ومَنْ كانتْ هجرتُه لدنيا يُصيبُها أو امرأةٍ يَنكِحُها فهجرتُه إلى ما هاجر إليهِ»[٢٥].

واتە: هەموو کردەوەکان بە نیازەوە (نیەت) ئەنجام دەدرێن، وهەموو کەسێك تەنها ئەوەی دەست دەکەوێت کە نیازی بووە، جا هەر کەسێك کۆچکردنەکەی بۆ لای خوا وپێغەمبەرەکەی ﷺ بێت ئەوا کۆچکردنەکەی بۆ لای خوا وپێغەمبەرەکەیەتی ﷺ (واتە: بەو شێوازە لای خوا بۆی

[٢٥] رواه البخاري (١)، ومسلم (١٩٠٧).

دەنووسرێت)، وهەرکەسێك کۆچکردنەکەی بۆ دونیا بێت دەستی بکەوێت یان بۆ ئافرەتێك بێت مارەی بکات، ئەوا کۆچکردنەکەی بۆ ئەوە بووە کە کۆچی بۆ کردووە.

وە (أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «من تعلَّمَ علماً ممَّا يُتَّقَى بِهِ وجهُ الله، لا يتعلَّمُه إلا لِيُصيبَ به عَرَضاً مِن الدَّنيا، لم يَجِدْ عَرْفَ الجنَّةِ يومَ القيامة»(٢٦).

واتە: هەر کەسێك زانستێك فێر بێت لەو زانستانەی کە دەبێت لەبەر خوا بخوێنرێت، وفێری ببێت بۆ ئەوەی شتێکی دونیایی پێ بە دەست بێنێت، ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی دواییدا.

هەروەها دەفەرموێت گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: «إنَّ أوَّلَ الناسِ يُقْضَى يومَ القيامةِ عليه، رجلٌ استَشْهَدَ فأُتِيَ به فعرَّفَه نعمَه فَعرَفَها، قال: فما عَمِلْتَ فيها؟ قال: قاتلتُ فيك حتَى استشهدتُ، قال: كذبتَ، ولكنَّكَ قاتلتَ لأَنْ يقالَ: جَرِيءٌ، فقد قيلَ، ثمَّ أُمِرَ به فسُحِبَ على وجهِهِ حتَّى أُلقِيَ في النار، ورجلٌ تعلَّمَ العلمَ وعلَّمَه، وقرأَ القرآنَ، فأتِيَ به فعَرَّفَه نعمَه، فعرفَها، قال: فما عملتَ فيها؟ قال: تعلَّمتُ العلمَ وعلَّمتُه، وقرأتُ فيكَ القرآنَ، قال: كذبتَ، ولكنَّكَ تعلَّمتَ ليقالَ: عالِمٌ، وقرأتَ القرآن ليقالَ: قارئٌ، فقد قيلَ، ثمَّ أُمِرَ به فسحبَ على وجهِهِ حتَّى أُلقيَ في النارِ...»(٢٧).

واتە: یەکەم کەس کە لە ڕۆژی دواییدا حوکمی بەسەردا دەدرێت پیاوێکە کە لە پێناوی خوادا شەهید بووە (بە ڕوکەش)، لە ڕۆژی دواییدا دەیهێنن وخوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی بیردەخاتەوە وئەویش دەیناسێتەوە، وخوای گەورە دەفەرموێت: چ چاکەیەکت بە نیعمەتەکانی من کرد؟ وئەویش دەڵێت: لە پێناوی تۆدا جەنگام تا شەهید بووم، خوای گەورە دەفەرموێت: درۆت کرد، بەڵکو

(٢٦) رواه أبو داود (٣٦٦٤)، وابن ماجه (٢٥٢)، وصححه الشيخ الألباني في تخريج اقتضاء العلم العمل (١٠٢).

(٢٧) رواه مسلم (١٩٠٥).

جەنگای بۆ ئەوەی پێت بڵێن چاو نەترس وئازایە، ئەوەی ویستت وترا، پاشان فەرمان بە فریشتەکان دەکرێت بەسەر ڕوومەتیدا ڕایدەکێشن تا دەیخەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، وە پیاوێك زانستی شەرعی خوێندووە وخەڵکی فێر کردووە، وقورئان خوێن بووە، دەیهێنن خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی بیر دەخاتەوە، وئەویش دەیناسێتەوە، وخوای گەورە دەفەرموێت: چ چاکەیەکت بە نیعمەتەکانی من کرد؟ ئەویش دەڵێت: زانستی شەرعیم دەخوێند وخەڵکیشم فێر دەکرد، و قورئانم دەخوێند لە پێناوی تۆدا، خوای گەورە دەفەرموێت: درۆت کرد، بەڵکو فێربووی بۆ ئەوەی پێت بڵێن: زانایە، وقورئانت دەخوێند بۆ ئەوەی بڵێن قورئان خوێنە، ئەوەی ویستت وترا، پاشان فەرمان بە فریشتەکان دەکرێت بەسەر ڕوومەتیدا دەیکێشن تا دەیخەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

وە (جابر)ی کوڕی (عبد الله) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «لا تَعَلَّمُوا العلمَ لتُباهوا بِهِ العلماءَ، ولا لتُماروا بِهِ السفهاءَ، ولا تَخَيَّرُوا به المجالسَ، فمَنْ فعلَ ذلكَ فالنارُ النارُ»[٢٨].

واتە: زانست فێر مەبن بۆ ئەوەی شانازی پێ بکەن لای زاناین، یان بۆ دەمەدەمکردن لەگەڵ نەزان وکەم عەقڵەکان، یان بۆ بەدەست هێنانی جێگا ومجلیسی باش، هەر کەسێك ئەو کارەی کرد ئەوا ئاگر جێگایەتی.

وە دایکی (الفضـل) ـ کە دایکی (عبد الله)ی کوڕی (عباس)ە خوایان لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

«... ليأتيَنَّ على الناسِ زمانٌ يتعلَّمونَ فيهِ القرآنَ، يتعلَّمونه ويقرؤونَه، ثمَّ يقولونَ: قد قرأنا القرآنَ، وعَلِمنا، فمَن ذا الذي هو خيرٌ منَّا؟ فهلْ في أولئكَ مِن خيرٍ؟» قالوا: يا رسولَ الله مَنْ أولئكَ؟ قال: «أولئِكَ منكم، وأولئكَ هم وقودُ النارِ»[٢٩].

---

(28) رواه ابن ماجه (٢٥٤)، وغيره، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٠٧).

(29) رواه الطبراني في المعجم الكبير (٢٥/ح:٤٣)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة (٣٢٣٠).

واتە: کاتێك بە سەر خەڵکیدا دێت شارەزا دەبن لە قورئان ودەیخوێنن، وپاشان دەڵێن: ئێمە قورئان دەخوێنین وشارەزاین، کێ هەیە لە ئێمە باشتر بێ؟ ئایە ئەو جۆرە کەسانە خێریان تێدایە؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە کێن؟ فەرمووی: ئەوانە لە ئێوەن (واتە : لە موسوڵمانان)، ئەوانە سووتەمەنی دۆزەخن.

## هەوڵ دان وبەردەوامبوون دەتگەیەنێت بە زانست

زانستی شەرعی بە بێ هەوڵدان بەدەست نایەت، وسووربوون لەسەر فێر بوون وبەردەوام بوون وکۆڵ نەدان دەتگەیەنێت بە مەبەست، پاش پشت بەستن بە خوا، وبەفیڕۆ نەدانی لەش ساغی وتەمەن وکاتەکانی، چونکە ئەمانە لە دەستت دەردەچن بۆت ناگەڕێنەوە، وبەردەوامبوون بەبێ سستی ولاوازی و تەمبەڵی.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «المُؤْمنُ القويُّ خيرٌ وأَحبُّ إلى الله مِن المؤمنِ الضعيفِ، وفي كلٍّ خيرٌ، احْرِصْ على ماينفعُكَ واستعِنْ بالله ولا تَعجَزْ، وإنْ أصابَكَ شيءٌ فلاَ تَقُلْ لو أنِّي فعلتُ كانَ كذا وكذا، ولكنْ قلْ قَدَرُ الله وما شاء فعل، فإنَّ لو تفتحُ عملَ الشَّيطانِ»[30].

واتە: باوەڕداری بەهێز چاکتر وخۆشەویستترە لای خوا لە باوەڕداری لاواز، وە هەردووکیان چاکەیان تێدایە، هەوڵ وکۆشش بدە بۆ ئەو شتانەی سوودت پێدەگەیەنێت، وداوای یارمەتیش لە خوا بکە، وبێ دەسەلآت مەبە، وە ئەگەر شتێکت تووش بوو مەڵێ ئەگەر وام بکردایە ئاوا وئاوا دەبوو، بەلآم بڵێ قەدەری خوا یە وخوا چۆنی بوێت وادەبێت، چونکە وتنی ئەگەر دەرگای شەیتان دەکاتەوە.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر جار ئەم نزایەی دەکرد: «اللهم إنِّي أُعوذُ بكَ مِن العَجْزِ والكَسَلِ»[31]. واتە: خوایە پەنات پێ دەگرم لە نەتوانین وتەمبەڵی.

چونکە ئەوانە هۆکاری نەکردن ولە دەستدانی چاکەن.

وە پێشەوا (عبد الرحمن)ی (السعدي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: «فالعزمُ والثباتُ هما السببُ الأكبرُ لِنَيْـلِ المطالبِ المتنوِّعةِ»[32]. واتە: هەوڵ و کۆشش وبەردەوام بوون دوو هۆکاری سەرەکین بۆ بەدەست هێنانی مەبەستی جۆراوجۆر.

---

(30) رواه مسلم (٢٦٦٤).

(31) رواه البخاري (٢٨٢٣)، ومسلم (٢٧٠٦).

(32) مجموع الفوائد واقتناص الأوابد: ص: ١٦٦.

## فێربوونی زانستی شەرعی لەسەر دەستی مامۆستایانی ئەهلی سوننە

فێربوون وخوێندنی زانستی شەرعی لەو کەسانە وەردەگیرێن کە ئەهلی سوننەن، واتە: ئەوانەی کە شوێنکەوتووی قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەرن ﷺ بەو شێوازەی کە پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵانی لێی تێگەشتوون وکاریان پێ کردوە، وئەوانەی کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست لە ناکۆکیەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ لای ڕێگا وبەرنامەی پێغەمبەری خوا ﷺ وهاوەڵانی لە هەموو بوارەکانی ئاییندا.

نابێت زانستی شەرعی لە کەسانی بیدعەکارەوە وەربگیرێت، چونکە ئەوان هەنگوین بە پاکی نادەن بە کەس، تاوەکو ژەهری تێکەڵ نەکەن، واتە: هەر کە دەرفەتیان بۆ ڕەخسا بیدعەکانیان تێکەڵ بە زانستە شرینەکەی خوای گەورە دەکەن، جا ئەو کەسەی کە لایان دەخوێنێت یان بیدعەکارێکی وەکو خۆیانی لێ دەردەچێت، یان ژەهری بیدعەکەیان کاری لێ دەکات، ودەروونی نەخوش دەکات، وئیتر بە ئاسانی چاك نابێتەوە، خوای گەوە دەفەرموێت :

﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ ﴾ [الأنعام آيه: ٦٨]. واتە: ئەگەر ئەوانەت بینی کە بە ناحەق لە ئایەتەکانمان دەدوێن ئەوا لەگەڵیان دامەنیشە تا واز لەو باسانە دێنن، ودەچنە ناو باسێکی ترەوە.

وە دایکە (عائشة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ ﴾ [آل عمران: ٧].

واتە: (الله) ئەو زاتەیە کە قورئانی بۆت دابەزاندووە، کۆمەڵێك لە ئایەتەکانی (موحکەم)ن، واتە: واتاکانیان ڕوون وئاشکرایە، وئەو ئایەتانە بنەمای قورئانن وسەرچاوە وتەفسیرن بۆ ئایەتەکانی تر، وچەند ئایەتێکی تری تێدایە کە (موتەشابیە)ن، – واتە: چەند واتایەك هەڵدەگرن ونازانرێت کام لەو

واتایانە مەبەستە تەنها بە گەڕانەوەیان نەبێت بۆلای ئایەتە موحکەمەکان –، جا ئەو کەسانەی کە دڵیان نەخۆشی ولادانی تێدایە تەنها شوێنی ئایەتە موتەشابیهەکان دەکەون، بۆ ئەوەی گومان لە دڵی خەڵکدا دروست بکەن، وبۆ ئەوەی بە شێوەی بۆچوون وڕێبازەکانی خۆیان واتایان بۆ دابنێن، وە هیچ کەس واتای تەواوی ئەو ئایەتانە نازانێ جگە لە خوا نەبێت، وە زانایان کە ڕۆچوون لە زانستدا دەڵێن: باوەڕمان بەم قورئانە هەیە هەمووی لەلایەن پەروەردگارەوە دابەزیوە، جا تەنها کەسانی خاوەن عەقڵی دروست وەکو خۆی لە شتەکان تێ دەگەن.

دایکە (عائشة) فەرمووی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «فإذا رأيتِ الذين يتَّبعون ما تَشابَهَ منه فأولئكِ الذين سمَّى اللهُ، فاحذرُوهُم»(٣٣).

واتە: ئەگەر بینیت کەسانێك شوێنی ئایەتە موتەشابیهەکان دەکەون، ئەوا ئەوانەن کە خوای گەورە لەو ئایەتەدا ناویانی هێناوە، وریابن لێیان ، واتە: ئەو کەسانەی کە خوای گەورە باسیان دەکات لە ئایەتەکەی پێشوودا کە دەفەرموێ : ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ﴾.

وە (أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «سيكونُ في آخرِ أُمَّتي أُناسٌ يُـحَدِّثونكم ما لم تَسمعوا أنتم ولا آباؤُكم، فإيَّاكم وإيَّاهم»(٣٤).

واتە: لە کۆتای ئوممەتەکەمدا خەڵكانێك پەیدا دەبن شتی واتان بۆ باس دەکەن نە خۆتان و نە باو و باپیرانتان نەتان بیستووە، وریابن لەو جۆرە کەسانە.

(٣٣) رواه البخاري (٤٥٤٧)، ومسلم (٢٦٦٥).

(٣٤) رواه مسلم (٧).

## سەفەر کردن بۆ فێربوونی زانستی شەرعی

زۆر جار ئەو زانستە شەرعییەی کە پێویستە لە جێگایەکی تر دەستت دەکەوێت جگە لە جێگا وشاری خۆت، و بێ گومان سەفەر کردن ودووری لە ماڵ وخزم وکەس وکار کارێکی قورسە، بەڵام فێربوونی شەرعی خوای گەورە زۆر لەوە گەورە ترە ئەوشتانە ببنە ڕێگری، بۆیە سەفرکردن بۆ فێربوون نەریتی پیشەوایان وزانایان بووە، خوای گەورە لە بارەی پێغەمبەر (موسى)وە عليه السلام دەفەرموێت: ﴿ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلۡ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمۡتَ رُشۡدٗا ﴾ [الكهف: ٦٦].

واتە: (موسى) عليه السلام بە (خـضـر)ی وت: ئایا مۆڵەتم دەدەیت شوێنت بکەوم تا ڕێنمونیەکم فێرکەی لەو زانست وزانیاریەی کە پێت بەخشراوە.

پێشەوا (ابن رجب) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: «فَلَو استغنى أحدٌ عن الرِّحلةِ في طلبِ العلمِ لاستغنى عنه موسى، حيثُ كانَ أعطاهُ اللهُ التوراةَ التي كَتَب له فيها عن كلِّ شيءٍ، ومعَ هذا فلمَّا أخبرَهُ اللهُ عن الخضْرِ أنَّ عندَهُ علماً يَختَصُّ به، سألَ السبيلَ إلى لقائِه، ثمَّ سار هو وفتاهُ إليه»(٣٥).

واتە: ئەگەر یەك کەس پێویستی نەبوایە بە سەفەرکردن بۆ فێربوونی زانستی شەرعی ئەوا پێغەمبەر (موسى) عليه السلام پێویستی بەو سەفەرە نەدەبوو، چونکە خوای گەورە کتێبی تەوراتی پێدابوو کە لە هەموو شتێکی تێدا بۆ نووسیبوو، ولەگەڵ ئەوەشدا کاتێك خوای گەورە باسی (خـضـر)ی بۆ دەکات، کە چەند زانیاریەکی پێیە لای (موسى) عليه السلام نیە پێغەمبەر (موسى) عليه السلام داوای کرد کە ڕێگای پێ گەشتنی پێشان بدات، وپاشان خۆی و خزمەتکارەکەی بۆلای دەکەوونە ڕێ.

(٣٥) مجموع رسائل الحافظ ابن رجب الحنبلي، (شرح حديث أبي الدرداء): ١/ ٨.

(عبد الله)ی کوڕی (مسعود) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: «والذي لا إلهَ غيرُهُ، ما أُنزِلتْ سورةٌ مِن كتابِ الله إلّا أنا أعلمُ أينَ أُنزِلتْ، ولا أُنزِلتْ آيةٌ مِن كتابِ الله إلّا وأنا أعلمُ فيمنْ أُنزِلتْ، ولو أعلمُ أحداً أعلمُ مني بكتابِ الله تَبْلُغُهُ الإبلُ لركبتُ إليهِ»[٣٦].

واتە: بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێکی حەق نیە جگە لەو هیچ سورەتێك نیە لەقورئان دابەزیبێت ئیلا دەزانم لە کوێ دابەزیوە، وهیچ ئایەتێك نیە لە کتێبەکەی خوا ئیلا دەزانم لە بارەی کێ دابەزیوە، وئەگەر بزانم کەسێکی تر هەیە لە من زاناترە لە کتێبەکەی خوا ووشتر پێی دەگات ئەوا سواری وشترەکەم دەبووم ودەڕۆشتم بۆ لای.

وە (جابر)ی کوڕی (عبد الله) خوای لێ ڕازی بێت یەك مانگە ڕێ سەفەر دەکات بۆ لای (عبد الله)ی کوڕی (أُنَيس) خوای لێ ڕازی بێت بۆ ئەوەی یەك فەرموودەی لێ وەربگرێت.

وە (سعيد)ی کوڕی (المُسَيِّب) دەفەرموێت: سەفەرم دەکرد بەشەو وبە ڕۆژ بۆ فێر بوونی زانستی شەرعی.

و (عبد الرحمن)ی کوڕی (قاسم) بیست ساڵ دوور لە وڵاتی خۆی دەژیا بۆ فێربوونی زانستی شەرعی، وناگەڕێتەوە تاوەکو پێشەوا (مالك) وەفات دەکات.

(٣٦) رواه البخاري (٥٠٠٢)، ومسلم (٢٤٦٣).

## بێ هیوا بوون لە فێربوونی زانستی شەرعی

خوای گەورە پێمان دەفەرمویت:﴿ وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَـٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـًٔا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَـٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴾ [النحل: ٧٨]. واتە: خوای گەورە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن، وبیستن وبینین ودڵی بۆدابینکردوون، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن.

من وتۆ وزانایان وپێشەوایانی ئیسلام بە گشتی ئەم ئایەتە دەمان گرێتەوە، بۆیە نابێت بێ هیوا ببی بەبێ هەوڵ دان، وبلێیت: من فێری ئەم دینە نابم، نەخێر نابێت متمانەت بە خۆت نەبێت، مەڵێ تێگەشتنم قورسە ولەبەر کردنم لاوازە، وزوو شتەکانم لەبیر دەچێتەوە، ئەمانە هەموو کۆسپن لە ڕێگای خۆت داتناوە، وبەو شێوەیەبە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووی: «احرِصْ على ما ينفعُكَ، واستعنْ باللهِ، ولاتَعْجَزْ» رواه مسلم (٢٦٦٤).

واتە: سوور بە لە سەر بەدەستهێنانی ئەوەی سوودت پێ دەبەخشێت، وداوای یارمەتی لە خوا بکە، وبێ دەسەڵات مەبە.

## تەقوای خوا کلیلی دەرگای زانستە

لە خوا ترسان وخۆ پاراستن لە تاوان وبەردەوام بوون لەسەر چاکە وتەقوای خوا دەبێتە مایەی ئاسانکاری وکرانەوەی دەرگای زانست بەڕووی خاوەنەکەیدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُ﴾ [البقرة:٢٨٢].

واتە: لەخوا بترسن وخۆپارێز بن، وخوای گەورە فێرتان دەکات.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَءَامِنُواْ بِرَسُولِهِۦ يُؤۡتِكُمۡ كِفۡلَيۡنِ مِن رَّحۡمَتِهِۦ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ نُورٗا تَمۡشُونَ بِهِۦ﴾ [الحديد: ٢٨].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن، وپارێزگاربن وباوەڕی پتەو بهێنن بە پێغەمبەرەکەی، پاداشت ورەحمەتتان بۆ دووبارە دەکاتەوە، وزانست و هیدایەت وڕووناکیەکتان پێ دەبەخشێت کە ڕێگای ڕاستی پێ بدۆزنەوە ولەسەری برۆن.

وە هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێت:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا﴾ [الأنفال: ٢٩]. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر لە خوا بترسن وپارێزگاربن، ئەوا ڕێنموویەکتان پێ دەبەخشێت کە بتوانن چاك وخراپی پێ لەیەك جیاکەنەوە.

پێشەوا (شافعي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە یەکەم جار بە پێشەوا (مالك) دەگات، پێشەوا (مالك) ڕەحمەتی خوای لێ بێت پێی دەفەرموێت: «إِنِّي أَرَى اللهَ قد أَلقى على قلبِك نوراً فلا تُطْفِئْهُ بظُلمةِ المعصيةِ»[٣٧].

---

(٣٧) إعلام الموقعين: (٤/ ٢٥٨).

واتە: من وادەبینم خوای گەورە ڕووناکیەکی خستووەتە دڵتەوە، جا بە تاریکی تاوان مەی کوژێنەوە.

هەروەها پێشەوا (شافعي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: «مَن أحبَّ أنْ يفتحَ الله له قلبَه، أو يُنوِّرَه فَعَلَيهِ بتركِ الكلامِ فيما لايعنيهِ، وتركِ الذنوبِ واجتنابِ المعاصي، ويكونُ له فيما بينَه وبينَ الله خَبِيَّةٌ مِن عملٍ، فإنَّهُ إذا فعلَ ذلك فتحَ اللهُ عليه مِن العلمِ ما يُشغِلُه عنْ غيرِه، وإنَّ في الموتِ لأكثرَ الشُغلِ»[38].

واتە: هەر کەسێك دەیەوێت خوای گەورە دڵ ودەروونی بکاتەوە وڕووناکی بخاتە دڵیەوە، با باس لە شتێك نەکات کە پەیوەندی پێوە نیە، وخۆی بە دوور بگرێ لە تاوان، وبا لە نێوان خۆی وخوادا چاکەی شاراوەی هەبێت، ئەگەر ئەو کارەی کرد ئەوا خوای گەورە ئەوەندە دەرگای زانستی بۆ دەکاتەوە کە پێوەی سەرقاڵ بێت، ودوور بکەوێتەوە لە ئازاردان وباسکردنی خەڵکی، بەڵام مردن لە هەموو شتێك زیادتر سەرقاڵت دەکات، وخەڵکیت لە بیر دەباتەوە.

(38) مناقب الشافعي للبيهقي: (٢/ ١٧١).

## کـردەوە بــە زانسـت

ئەو کەسەی کە هەندێك زانستی شەرعی فێردەبێت، وهەندێك لە حەلاڵ وحەرام دەزانێت، دەبێت خۆی کاری پێ بکات، ودین وڕەوشتی خۆی پێ ڕێککاتەوە، وکردەوەی بە گوێرەی قورئان وفەرموودەکان بێت، وپاشان بە خەڵکی ڕابگەیەنێت، چونکە ئەوانەی کار بە زانستەکەیان ناکەن، یان بە خەڵکی دەڵێنەوە وخۆیان کاری پێ ناکەن، ئەوانە تەقوای خوایان نەکردوە، وبێ گومان زانستەکەیان بێ بەرەکەت دەبێت، وتاوانێکی گەورەیان کردووە وسزای گەورەیان بۆ ئامادەکراوە خوا بمانپارێزێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ [الصف: ٣].

واتە: ڕقێکی زۆر گەورەیە لای خوای گەورە شتێك بڵێن وبە کردەوە نەیکەن.

و (أبو بَرْزَة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «لا تَزُولُ قدما عبدٍ يومَ القيامةِ حتى يُسأَلَ عن عُمُرِه فيمَ أَفناهُ، وعن علمِه فيمَ فعلَ، وعن مالِه مِن أينَ اكتسبَهُ وفيمَ أنفقَهُ، وعن جسمِه فيمَ أَبْلاهُ»[٣٩].

واتە: هیچ بەندەیەك پێ لەپێ نانێت لە ڕۆژی دواییدا تاوەکو پرسیاری لێ نەکرێت لەبارەی تەمەنیەوە لەچیدا لەناوی داوە، ولەبارەی زانستەکەیەوە چ کردارێکی پێ کردووە، ولەبارەی سامانەکەیەوە لە کوێ پەیدای کردووە ولەچیدا خەرجی کردووە، ولەبارەی لەشیەوە لەچیدا لەناوی بردووە.

هەروەها دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «مَثَلُ الذي يُعلِّمُ النّاسَ الخيرَ ويَنْسَى نفسَهُ كمثلِ السِّراجِ يُضيءُ للنّاسِ ويُحرِقُ نفسَهُ»[٤٠].

واتە: نموونەی ئەو کەسەی کە خەڵکی فێری چاکە دەکات وخۆی لەبیر دەکات نموونەی چرایە ڕووناکی بۆ خەڵك دروست دەکات، خۆی دەسووتێنێت.

[٣٩] رواه الترمذي (٢٤١٧)، وغيره، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٩٤٦).

[٤٠] رواه الطبراني في المعجم الكبير (١٦٨١)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة تحت حديث (٣٣٧٩).

وە (حذیفة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: «یا معشرَ القرَّاءِ استقیمُوا فقد سَبقتُم سَبْقاً بعیداً، فإنْ أخذتُمْ یمیناً وشِمالاً لقد ضللتُم ضلالاً بعیداً»[٤١].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە لە قورئان شارەزان ڕێگای ڕاست بگرن زۆر پێش خەڵکی دەکەون، وئەگەر لە ڕێگای ڕاست لابدەن بەلای ڕاست وچەپدا، ئەوا زۆر گومڕا دەبن، ولە ڕێگای ڕاست زۆر دوور دەکەونەوە.

ئەمەش داب ونەریتی پێغەمبەران وپێشەوایان بووە ئەوەی کە زانیویانە وبە خەڵکیان ڕاگەیاندوە، خۆیان کاریان پێ کردووە، بۆیە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ئاین وزانستەکەیان لە گەشەکردندا بووە، پێغەمبەر (شُعَیب) ﷺ بە خەڵکەکەی دەفەرموو: ﴿وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أُخَالِفَكُمۡ إِلَىٰ مَآ أَنۡهَىٰكُمۡ عَنۡهُ﴾ [الهود: ٨٨].

واتە: من نامەوێت قەدەغەی شتێکتان لێ بکەم، و خۆم ئەنجامی بدەم.

(عبد الله)ی کوڕی (مسعود) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: «کانَ الرجلُ منَّا إذا تعلَّمَ عشْرَ آیاتٍ لم یُجاوِزْهنَّ حتَّى یَعرفَ معانیَهُنَّ والعملَ بهنَّ»[٤٢].

واتە: هەر یەك لە ئێمە دە ئایەت فێر ببوایە لە قورئان، تێی نەدەپەڕاند تاوەکو واتاکانی فێر دەبوو وکردەوەی پێیان دەکرد.

❁ ❁ ❁

---

(٤١) رواه البخاري (٧٢٨٢).

(٤٢) تفسیر الطبري: (٨١).

## شـــاردنـــەوەی زانست

شاردنەوەی زانستی شەرعی دروست نیە، وتاوانێکی گەورەیە، ودەبێت کەسی شارەزا خۆی لێ بپارێزێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَـٰتِ وَٱلْهُدَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّـٰهُ لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَـٰبِ ۙ أُو۟لَـٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّـٰعِنُونَ ﴾ [البقرة: ١٥٩].

واتە: ئەوانەی کە بەڵگە ئاشکرا وڕێنموییەکانی دابەزێنراوی ئێمە دەشارنەوە، دوای ئەوەی بۆ خەڵکیمان ڕوونکردۆتەوە لە کتێبەکاندا، ئەوانە خوا نەفرینیان لێ دەکات، ونەفرینکارانیش نەفرینیان لێ دەکەن.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَـٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ ﴾ [آل عمران: ١٨٧].

واتە: یادی ئەوە بکەنەوە کە خوا پەیمانی وەرگرت لەوانەی کتێبیان پێ بەخشراوە، کە بە ڕوونی بە خەڵکی ڕابگەیەنن ونەیشارنەوە.

(أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «من سُئِلَ عن علمٍ فكتمَهُ، أُلْجِمَ يومَ القيامةِ بلِجامٍ مِن النارِ»[٤٣].

واتە: هەر کەسێك پرسیاری لێکرا لە بارەی زانستێکی شەرعیەوە وئەویش شاردیەوە وباسی نەکرد، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا لەغاو دەکرێت بە لەغاوێکی ئاگرین.

هەروەها دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مَثلُ الذي يتعلَّمُ العلمَ ثمَّ لا يُحدِّثُ بِهِ، كمثلِ الذي يَكْنِزُ الكنزَ ثمَّ لا يُنفِقُ منهُ»[٤٤]. واتە: نموونەی ئەو کەسەی کە زانست فێر دەبێت وبۆ خەڵکی باس ناکات، وەکو ئەو کەسەیە کە سامان کۆ دەکاتەوە و لێی نابەخشێت.

بێ گومان ئەم کارەش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

---

(٤٣) رواه أبـو داود (٣٦٥٨)، وغيره، وصححه الشيخ الألباني في صحيح = الترغيب والترهيب (١٢٠).

(٤٤) رواه الطبراني في المعجم الأوسط (٦٨٩)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة (٣٤٧٩).

## گەیاندنی زانستی شەرعی

(زید)ی کوڕی (ثابت) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «نضَّرَ اللهُ امرأً سمعَ منَّا حديثاً فحفِظَهُ وبلَّغَه غيرَه، فَرُبَّ حاملِ فِقْهٍ إلى مَنْ هو أَفْقَهُ منهُ، ورُبَّ حاملِ فِقْهٍ ليسَ بفَقيهٍ»(٤٥).

واتە: خوای گەورە ڕووی ئەو کەسە گەش بکات کە فەرموودەیەکمان لێ دەبیسێت ودەیگەیەنێت ، چونکە لەوانەیە بیگەیەنێت بە کەسێك لە خۆی باشتر لێ ی تێ بگات، یان لەوانەیە خۆی تێگەیشتنی خراپ بێت ولێ ی تێنەگات.

و(عبد الله) ی کوڕی (عمرو) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بَلِّغوا عنِّي ولو آيةً ...»(٤٦).

واتە: ئەوەی لە من دیبیسن ڕایبگەیەنن ئەگەر یەك ئایەتیش بێت.

(٤٥) رواه أبو داود (٣٦٦٠)، وغيره، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٤٠٤).

(٤٦) رواه البخاري (٣٤٦١).

## زانستـی بـێ سـوود

هەندێك لە زانستەکان زانستی بێ سوودن، وسەر قاڵبوون پێیانەوە تەنها کات بە فیڕۆ دان وخۆماندووکردنە، وسوود ناگیەنێت بە ئایین ودوارِۆژی خاوەنەکەی وموسوڵمانان، وهەندێکی تر لە زانستەکان تەنها سوودەکەی بۆ خەڵکە، وخاوەنەکەی بێ بەشە لە سوودەکەی، نموونەی ئەو زانستەی کە خاوەنەکەی کاریٚ پێ ناکات، وهەندێکی تر سوودەکەی تەنها دەگەڕێتەوە بۆ دونیا دوور لە ڕۆژی دوایی، نموونەی ئەو زانستەی کە ڕیای پێ دەکرێت، یان بۆ بە دەستهێنانی دونیا بە کار دەهێنرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای دەگرتە خوای گەورە لەم جۆرە زانستانە، ودەیفەرموو: «اللَّهم إني أعوذُ بكَ مِن العَجْزِ والكَسَلِ والجُبنِ والبُخْلِ والهَرَمِ وعذابِ القبرِ، اللَّهم آتِ نفسي تقواها وزَكِّها أنتَ خيرُ مَن زكَّاها، أنتَ وليُّها ومولاها، اللَّهم إني أعوذُ بكَ مِن علمٍ لا ينفعُ، ومِن قلبٍ لا يخشعُ، ومنْ نفسٍ لا تشبعُ، ومِن دعوةٍ لا يُستَجابُ لها»(٤٧).

واتە: خوایە پەنات پێ دەگرم لە نەتوانین وتەمبەڵی وترسنۆکی وچرووکی وپیری وسزای ناو گۆڕ، خوایە تەقوام پێ ببەخشە، وخوایە نەفسم پاك بکەرەوە، تۆ لە هەموو کەس باشتر نەفسم پاك دەکەیتەوە، خوایە تۆ دۆست وپشت وپەنا وخاوەنی منی، خوایە پەنات پێ دەگرم لە زانستێك کە بێ سوود بێت، ولە دڵێك کە خشوعی نەبێت، و لە پاڕانەوەیەك کە وەڵام نەدرێتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ کە داوای زانستی لە خوای گەورە دەکرد داوای زانستێکی بە سوودی دەکرد، ودەیفەرموو: «اللَّهم إني أسألُكَ علماً نافعاً، ورِزقاً طَـيِّباً، وعملاً مُتقَبَّلاً»(٤٨).

واتە: خوایە داوای زانستێکی بە سوودت لێ دەکەم، وڕۆزیەکی حەلاڵ وکردەوەیەکی وەرگیراو.

(٤٧) رواه مسلم (٢٧٢٢).

(٤٨) رواه ابن ماجه (٩٢٥)، وغيره، وصححه الشيخ الألباني في تمام المنة: (ص: ٢٣٣).

هەروەها فەرمانی ئەوشی بە ئوممەتەکەی کردوە کە داوای زانستی بەسوود بکەن، وپەنا بگرن بە خوا لە زانستی بێ سوود، (جابر) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «سلُوا اللهَ علماً نافعاً، وتَعَوَّذُوا بالله مِن علمٍ لا يَنْفَعُ»[٤٩].

واتە: داوای زانستی بە سوود لە خوا بکەن، و پەنای پێ بگرن لە زانستێك کە سوودی نیە.

❁ ❁ ❁

(٤٩) رواه ابن ماجه (٣٨٤٣)، وغيره، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٥١١)

## پێشبڕكێ لە فێربوونی زانستی شەرعی وگەیاندن وكارپێ كردنی

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾ [البقرة:١٤٨]. واتە: پێشبڕكێ بكەن لەچاكەدا.

(أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «لا حسدَ إلَّا في اثْنتيْنِ، رجلٌ علَّمَهُ اللهُ القرآنَ فهوَ يتلوهُ آناءَ الليلِ وآناءَ النهارِ، فسمعَهُ جارٌ لهُ فقالَ: لَيتني أُوتِيتُ مِثلَ ما أُوتِيَ فلانٌ، فعَمِلتُ مِثلَ ما يعملُ، ورجلٌ آتاهُ اللهُ مالاً فهوَ يُهْلِكُهُ في الحقِّ، فقالَ رجل: ليتني أُوتِيتُ مِثلَ ما أُوتي فُلانٌ، فعملتُ مِثلَ ما يعملُ»[٥٠].

واتە: حەسوودی بە هیچ نابرێ تەنها بە دوو شت نەبێ ، كەسێك خوای گەورە قورئانی فێركردووە ئەویش دەیخوێنێت بە شەو وبە ڕۆژ، دراوسێكەی گوێی لێ دەبێت ودەڵێت: خۆزگە ئەوەی بە ئەو بەخشراوە بە منیش ببەخشرایە، ووەكو ئەو كردەوەم پێ بكردایە، وە كەسێك خوای گەورە ماڵ وسامانی پێ بەخشیوە، وئەویش لە پێناوی خوادا دەیبەخشێت، وكەسێك دەڵێت: خۆزگە ئەوەی خوا بەوی بەخشیوە بەمنیشی ببەخشایە، ووەكو ئەو كردەوەم پێ بكردایە.

❁ ❁ ❁

[٥٠] رواه البخاري (٥٠٢٥)، ومسلم (٨١٥)، واللفظ للبخاري.

## درۆکردن و وتنی بێ زانست بە ناوی خوا و پێغەمبەرەوە ﷺ

بێ گومان هەر چەند بخوێنیت وشارەزاببیت ناتوانیت هەموو شەرع بزانیت، ودەبێت هەندێك شت مابێتەوە وشارەزاییت لێ نەبێت، جا کە پرسیارت لێ کرا لە بارەی حوکمێکی شەرعەوە کە نایزانیت، دەبێت بڵێیت نازانم، وشەرم نەکەی لەو وشەیە وبە خۆشکاندنەوەی نەزانیت، چونکە وتنی هەر شتێك بە ناوی خوا وپێغەمبەرەکەیەوە ﷺ بە بێ زانست یان بە درۆ تاوانێکی یەك جار گەورەیە، ودەبێتە هۆکاری لە ڕێ دەرکردنی خەڵکی، بۆیە شەیتان فەرمان بەو کارە دەکات.

خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٌ ١٦٨ إِنَّمَا يَأۡمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ وَٱلۡفَحۡشَآءِ وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾[البقرة: ١٦٨-١٦٩].

واتە: شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، ئەو دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە، وتەنها فەرمانی خراپە وکاری ناشرینتان پێ دەکات، وە فەرمانی ئەوەتان پێ دەکات لە بارەی خواوە شتێك بڵێن کە شارەزاییتان لێ نیە.

وە لە بارەی ئەو تاوانەوە خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ [الأعراف: ٣٣].

واتە: پێیان بڵێ پەروەردگارم تەنها کاری خراپ وناشرینی حەرام کردووە چ ئاشکرا بێت یان شاراوە، وە هەروەها گوناه، ودەستدرێژی بە ناحەق، وشتێك بکەن بەشەریك وهاوەڵ بۆ خوا بە بێ بەڵگەیەك کە خوا دایبەزاندبێت، وهەروەها ئەوەشی حەرام کردووە کە بە ناوی خواوە شتێك بڵێن کە شارەزاییتان لێ نەبێت.

هەروەها خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا﴾[الإسراء: ٣٦].

واتە: (ئەی مرۆڤ) شوێنی شتێك مەكەوە كە زانستت لە بارەیەوە نیە، چونكە دەربارەی ئەندامەكانی بیستن وبینین وتێگەشتن پرسیارت لێ دەكرێت كە لە چیدا بە كارت هێناون.

(عبدالله)ی كوڕی (عمرو) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: «إنَّ اللهَ لا يَقبضُ العلمَ انتزاعاً يَنتَزِعُهُ مِن العبادِ، ولكنْ يقبضُ العلمَ بِقَبْضِ العلماءِ، حتَّى إذا لم يُبْقِ عالماً اتَّـخَذَ الناسُ رُؤوساً جُهَّالاً، فسُئِلوا فَأَفتَوا بغيرِ علمٍ فَضَلُّوا وأَضَلُّوا»[٥١].

واتە: خوای گەورە زانست ناباتەوە بەوەی لە دڵی بەندەكان دەری بكات، بەڵام بە مراندنی زانایان زانست هەڵدەگرێت ودەیباتەوە، هەتا هیچ زانایەك لە سەر زەوی نامێنێت، ئەو كات كۆمەڵە خەڵكێكی نەزان دەبن بە پێشەوای خەڵكی، وپرسیاریان لێ دەكرێت وبە بێ زانست وەڵامی خەڵكی دەدەنەوە، وخۆیان وخەڵكیش گومڕا دەكەن.

وە (المُغيرَة)ی كوڕی (شُعْبَة) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «إنَّ كَذِباً عليَّ ليسَ كَكَذِبٍ على أحدٍ، مَنْ كَذَبَ عليَّ مُتَعَمِّداً فلْيَـتَـبَـوَّأْ مَقْعَدَهُ مِن النارِ»[٥٢]

واتە: درۆ بە دەمی منەوە وەكو درۆیەك نیە بە دەم كەسێكی ترەوە بكرێت، هەر كەسێك درۆیەك بكات بەدەمی منەوە بە ئەنقەست با جێگای خۆی لە ئاگر دیاری بكات.

هەروەها دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مَنْ حَدَّثَ عنِّي بحديثٍ يُرى أنَّهُ كَذِبٌ فَهُو أَحدُ الكاذِبِينَ»[٥٣] واتە: هەر كەسێك قسەیەك بە ناوی منەوە بگێڕێتەوە وگومانی هەبێت ئەو قسەیە بە دەمی منەوە هەڵبەسترابێت، ئەوە خۆی یەكێكە لە درۆزنەكان.

تمَّ والحمدُ لله وصلَى اللهُ وسلمَّ وباركَ على محمدٍ
وآلِهِ وصَحْبِهِ أجمعين.

---

(٥١) رواه البخاري (١٠٠)، ومسلم (٢٦٧٣).

(٥٢) رواه البخاري (١٢٩١)، ومسلم (٤).

(٥٣) رواه مسلم في مقدمة صحيحه.